ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

# کردنەوەی ڕێکەوتنە نوێکەی سووریا؛ کاریگەرییەکان لەسەر داهاتووی حوکمڕانیی کورد

لوقمان ڕادپەی

کاروباری جیهانی • ناوەندی FPIF



# کردنەوەی ڕێکەوتنە نوێکەی سووریا؛ کاریگەرییەکان لەسەر داهاتووی حوکمڕانیی کورد


## لوقمان ڕادپەی

ناوەندی FPIF



مارسی 2025

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

کاروباری جیهانی

گرێبەست لەنێوان ژێنێراڵ مەزڵوم عەبدی -فەرماندەی گشتی هێزەکانی سووریای دێمۆکراتیک (SDF) و ئەحـــمەد شەرع -حـــاکمی کاتی ســـووریا- لە ڕێکەوتی 10ـی مـــارس و لە ڕەوشێکی قەیراناوییدا واژۆ دەکرێت. ئەم گرێبەستە لەدووای پەیامەکەی عەبدوڵلا ئۆجالان سەر دەگرێت کە تێیدا خوازیاری چەکدانانی پارتی کرێکارانی کوردستان و هەڵوەشانەوەی بوو.

ئایا پەیوەندییەک لەنێوان ئەم دوو ڕووداوەدا هەیە؟

بـــانـــگەوازی ئۆجـــالان بۆ چەکدانـــان تەنیا بە پەکەکە نەدەبەســـترایەوە بەڵکوو "هەمـــوو گرووپەکان"ـی لەخۆ دەگرت. گەرچی ژێنێراڵ عەبدی لەم بانگەوازە خۆی بەدوور گرت و وتی «ئەم پەیامە پەیوەنـدی بە ئێمەوە لە سووریا نییە»؛ بەڵام حـزبە دەسەڵاتـدارەکان لە تـورکیا بەخێرایی ئیدعای ئەوەیان کرد کە داخوازییەکەی ئۆجالان بریتییە لە هێزەکانی سووریای دێمۆکراتیکیش. ئەم هەڵوێستە بە ســـتراتیژی هەمیشەیی ئـــانکارا بۆ یەکسانـــگرتنی هەسەدە لەگەڵ پەکەکە یـارمەتی دەگەیێـنێـت و کەواتە ڕەوایی دەبەخـشێـتە هێـرشەکـانی تـــورکیـا بۆ سەر ڕۆژاوای کوردستان. بەپێی ئیدعاکانی تورکیا، بانگەوازەکەی ئۆجالان دەبێت هەموو گرووپەکانی سەر بە پەکەکە هەڵوەشێنێتەوە کە بۆ نموونە بریتین لەو گرووپانەی کە چالاکییان هەیە لە شاخەکانی شـنگاڵ لە بـاشـووری کوردسـتان. ئـانکارا مـاوەیەکی زۆرە کە هێزەکانی سـووریای دێمۆکراتیک وەکوو درێژکراوەی پەکەکە دەبینێت و بەم پێیە بە دەســتێوەردانە سەربـازییەکانی لە ســووریا ڕەوایی دەبەخشێت. هەرچەندە، مانەوە و خۆڕاگری ئەم گرووپانە سەرەڕای گوشارەکانی تورکیا، ئاماژەیە بە بەرخۆدانی بەرفراوان لەبەرامبەر دەستڕۆشتوویی ئانکارا لە سەرانسەری قەڵەمڕەوی کوردستاندا.

تورکیا بەردەوام بەشوێن هەڵوەشاندنەوەی ئۆتۆنۆمی کورد لە سووریا بووە و ڕوونە کە ئامانجی دامەزراندنی بەڕێوبەرایەتییەکی لایەنگری تورکیا لە ناوچەکەیە. گرێبەستی واژۆکراو لە لایەن عەبدی لە خزمەت ناکاریگەرکردنی مانۆردانی ئانکارایە. گەرچی لەم گرێبەستەدا ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ دەکرێت سەبارەت بە تێکەڵکردنی "هەموو دامەزراوە مەدەنی و سەربازییەکانی باکووری سووریا لەنێو بەرێوبەرایەتی دەوڵەتی سووریا -لەوانە شوێنەکانی پەڕینەوەی سنوور، فڕۆکەخانە و چاڵەکانی نەوت و گاز"؛ بەڵام تێکهەڵکێشانی ئەو دوو هێزە سەربازییە بە واتای چەککردنی هەسەدە نییە؛ لە هەمانکاتیشدا ئاشکرا پێشنیار دەکات کە چی دیکە هەسەدە وەکوو دامەزراوەیەکی سەربەخۆ بەردەوام نابێت. گەر هەموو "دامەزراوە مەدەنی و سەربازییەکان" قەرارە لەنێو سوپای سووریا تێکەڵ بکرێت، ئەوە داهاتووی حکومەتی خودموختاری ڕۆژاوا دەچێتە نێو گومانێکی جدییەوە. سەرەڕای ئەمەش، چارەنووسی دامەزراوە سیاسییە بێهاوتاکانی ڕۆژاوا نادیار دەمێنێتەوە.

ئەم گرێبەستە، هەروەها پابەندبوون بە "ئاگربەست لە هەموو قەڵەمڕەوی سووریا"دا لەخۆ دەگرێت. ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی کوشتارەکانی ئەم دوواییانەی تەحریر شام، وەک ماددەیەکی گرنگ دەردەکەوێت. هێزە عەلەوییەکانی سەر بە ڕژێمی پێشووی ئەسەد هێرشیان کردە سەر هێزەکانی حکومەت (تەحریر) و ئەم ڕووداوە بووە هۆی زەقبوونی پێویستی تۆڵەسەندنەوە. لەم بەستێنەدا، بۆ کوردەکان ئەم ئاگربەستە شتێکی زیاتر لە ڕاگەیەندراوێکی سیاسییە. ئەم ماددەیە ئەنجامێکی پارێزەری دەبێت کە دەتوانێت مانەوەی خۆ-بەڕێوبەری ڕۆژاوا گەرەنتی بکات.

یەکێکی دیکە لە ڕەهەندە گرنگەکانی ئەم ڕێکەوتنە، ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. هێلیکوپتێری ئەمریکی، ژێنێراڵ عەبدی بۆ واژۆکردنی گرێبەستەکە دەگەیێنێتە دیمشق. هەبوونی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی سووریای دێمۆکراتیک، جێبەجێکردنی هەر ڕێکەوتنێک دەبەستێتەوە بەوەی کە نابێت هێزە ئەمریکییەکان کەونە بەردەم هەڕەشە و مەترسی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تورکیا یان لایەنێکی سەر بە تورکیا وەکوو تەحریر شام و سوپای ئازادی سووریا. سۆپای ئازاد (FSA) هەمووکات کەرەستەیەک بووە بۆ دەستڕۆشتوویی تورکیا لە سووریا. ئەم هێزە لەدووای کەوتنی ڕژیمی ئەسەد لە دێسامبری ڕابردوو، هێرشی بەردەوامی کردەسەر کورد لە نزیکی بەنداوی تەشرین و شاری کۆبانی. لەم دیمەنە ئاڵۆزەدا، هەر گرێبەستێک وا ئۆتۆنۆمی کورد بهێڵێتەوە و پاڵپشتی ئەمریکاش بپارێزێت دەتوانێت وەکوو سەرکەوتنێکی دیپڵۆماتیک بۆ هێزەکانی هەسەدە بەهەژمار بێت. هەرچەندە مانۆرەکەی عەبدی پاراستنی کورد گەرەنتی دەکات، بەڵام لەوانەیە بە تەواوی لەگەڵ ئامانجە ستراتیژیکەکانی ئیسرائیل نەگونجێت، کە پشتیوانی خۆی بۆ کوردەکان بەرفراوان کردووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ یەکێک لە ماددەکانی رێککەوتنەکە هەڕەشە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل درووست ناکات. لە مێژوودا، خەباتی کورد بۆ مافی چارەی خۆنووسین، چ لە شێوەی ئۆتۆنۆمی و چ لە شێوەی سەربەخۆیی، لەگەڵ نیگەرانییەکانی ئاسایشی ئیسرائیل کێشەی نەبووە.

بۆ ئیسرائیل ناوچەیەکی سەقامگیر و سێکۆلار لە ژێر کۆنترۆڵی کورد، پێشەکایەتی هەیە بەسەر ڕژیمێکی ئیسلامی سوننی کە هاوپەیمانی تورکیا و باڵە توندڕەوەکان بێت. دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیستی سوننی لەسەر سنووری ئیسرائیل کە تورکیا پاڵپشتی دەکات، سێناریۆیەکە وا ئیسرائیلییەکان بەتوندی دژایەتییان لەگەڵی هەیە. گەرچی ناوچەکانی ژێر

کۆنترۆڵی کورد سـنووری هـاوبەشیان لەگەڵ ئیسرائیڵ نییە -بەپێچەوانەی کۆمەڵگەی دروزەکان کە ئیسرائیڵ پێشتر پـابەنـد بـووە بە بەرگـریکردن لێیان- ڕێککەوتـنەکە بەگشـتی هـاوپەیمانی ستراتیژیک لەنێوان ئیسرائیڵ و کوردەکان لاواز ناکات.

بڕیارە ڕێککەوتنەکە تا کۆتایی ساڵی 2025 جێبەجێ بکرێت و ماوەی نۆ مانگ دەمێنێتەوە تاکوو گەشەی هەلـومەرجی نـاجێگیری سـووریا ببێتە هۆی چـاکسازی. بە لەبەرچـاوگـرتنی نەبـوونی گەرەنتی جێبەجێکردن، نــاوخۆیی یان نێونەتەوەیی، و زانیاری ســنووردار لەسەر پەرەسەنــدنی باسەکانی پشت پەردە لە نێوان هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکاندا، ئەکتەرە جۆراوجۆرەکانی وەک ئیسرائیڵ، تـورکیا، ئێران، رووسیا، بـریتانیا، فەڕانـسا و وڵاتـانی عەرەبی وەک سـعودی، ئیمارات، میسر، قەتەر و حکومەتی کاتی، هەمووی ئەمانە دەتوانن پاڵنەری گۆڕانکارییەکان بن.

تێکئاڵاوبـوونی پێشوەخـتەی ژێنێراڵ عەبـدی لەگەڵ دەوڵەتی سـووریا مـانۆرێکی سـتراتیژیکی هەڵسەنگێندراوە کە لانیکەم لەم کاتەدا داڕێژراوە بۆ بەرگـرتـن بە بلۆکی خـواستە نـاوچەییەکانی تــورکیا و هەوڵەکـانی بۆ چەککردنی کـورد و هەڵوەشــانــدنەوەی خۆ-بەڕێـوبەری ڕۆژاوا. ئەم گـرێبەسـتە بە گەرەنتی ئـاگـربەسـت و ڕاگـرتتنی ڕەزامەنـدی ئەمـریکا وەکوو قـورسـاییەکی هاوسەنگکەر لەبەرانبەر پلانەکانی ئانکارا کار دەکات. گەرچی ئەمە هێزگەلێکی بگۆڕی نوێ دێنێتە نـاو هـاوکێشە نـاوچەییەکەوە، بەڵام کاریگەرییە کۆتـاییەکەی دەتـوانێت لە درێژمەوەدادا ئەرێیی بێت.

---

سەرچاوە:

https://fpif.org/unpacking-the-new-agreement-in-syria/

- د. لوقمان ڕادپەی کارناسی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەندامی هاوکاری "کۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" (Middle East Forum) و نووسەری کتێبی "بەرەو کوردستانێکی سەربەخۆ: مافی چارەیخۆنوسین لە یاسای نێونەتەوەییدا". ڕادپەی لە درێژەی یەک دەیەی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بەرین لەسەر دۆخی یاسایی پرسی کوردستان و ڕەهەندە یاساییە نێونەتەوەییەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵک و نەتەوەکان نووسیویەتی.